# له وه‌لام به ( رحمان مولود) دا

**سامان سه‌عيد**

رحمان مولود له رۆژی ٢٠٠٣/٠٥/٠٤ له سايتی كوردستان نێت دا پرسياريكی ئاراسته‌مان كردووه، به‌باشم زانی وه‌لامی بده‌مه‌وه.

من ده‌زانم كه تۆ هه‌لويستی ئيمه باش ده‌زانيت له سه‌ر هه‌ر مه‌سه‌له‌يه‌كی كۆمه‌لگای عيراق و كوردستان و ناوچه‌كه، به‌لام بۆ به‌ريزت و هه‌ر كه‌سيكی تريش كه مه‌به‌ستيانه پرسيار له‌سه‌ر تيروانين و هه‌لويستی سياسی ئيمه بكه‌ن له په‌يوه‌ند به چاره‌سه‌ری عادلانه‌ی مه‌سه‌له‌ی كورد و نه‌هيشتنی سته‌می نه‌ته‌وايه‌تی له‌سه‌ر خه‌لكی كورد. به‌كورتی ده‌ليم ئيمه چاره‌ی عادلانه‌ی سته‌می ميللی سه‌ر خه‌لكی كورد له كوردستان دا به جيابوونه‌وه‌ی كوردستان و پيكهنانی ده‌وله‌تی سه‌ربه‌خۆ ده‌زانين، ئيمه‌ش ريفراندۆم به وه‌سيله ده‌زانين گه‌ره‌كيشمانه خه‌لكی كوردستان، له ريگای وه‌سيله‌يه‌كی گونجاووه كه ئيستا (ريفراندۆم) به گونجاو ده‌زانين، شه‌رعيه‌ت به برياری خويان بده‌ن له ييناو چاره‌نوسی خوياندا، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م بريارو مافه‌ی خۆشيان شه‌رعيه‌تی نيوده‌وله‌تی وه‌ربگريت ده‌لين به‌رپا كردنی ريفراندۆميك به سه‌ر په‌رشتی ( UN ) .

ئيمه خومان پيش ريفراندۆمه‌كه بانگه‌وازی خه‌لكی كوردستان ده‌كه‌ين ده‌نگ به جيابوونه‌وه و پيكهينانی ده‌وله‌تی سه‌ربه‌خۆی خۆيان بده‌ن، خوشمان هه‌ر به‌و جۆره ده‌نگ ده‌ده‌ين، ئاكامی ريفراندۆمه‌كه‌ش به هه‌ر باريكدا شكايه‌وه، ئيحترام بۆ برياری خه‌لك داده‌نيين. ئه‌گه‌ر ده‌شته‌ويت زياتر له ته‌فاصيلی ئه‌م سياسه‌ته‌ی ئيمه وورد بيته‌وه برۆ ئه‌ده‌بيات و بلاوكراوه‌كانمان له‌م باره‌يه‌وه جاريكی تر بخوينه‌ره‌وه.

له‌گه‌ل ريزمدا

**كادری حيزبی كۆمۆنيستی كريكاری عيراق**

**٦ ی ئاياری ٢٠٠٣**

تێبینی كوردستان نێت:

ئه‌م نووسينه ده‌ربڕينی بيروبۆچونی خاوه‌نه‌كه‌يه‌تی، كوردستان نێت له ناوه‌ڕۆكه‌كه‌ی به‌رپرسيار نييه.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت